Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## پەیامی کۆمیتەی ئەمریکای یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## بۆ ڕێورەسمی یادی 16 ساڵەی تێرۆرکرانی د. قاسملوو

22 پووشپەڕی ئەمساڵ، 16 ساڵ بەسەر تێرۆر کرانی د. قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکێ لە ڕێبەرانی لێوەشاوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان رادەبرێ.

د. قاسملووی نەمر و هاورێکەی کاک عەبدوڵڵا قادری، لە کاتێکدا کەوتنە بەر پەلامار کە بۆ بەناو وتوویژ لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران، لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دا لەسەر مێزی وتوویژ کۆببوونەوە.

تێرۆریستەکان نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون. ئەوان هەرچەند سیما و ناسنامەی کەسێتیان جیاواز بوو بەڵام عەقڵیەت و ناسنامەی سیاسی و کلتورییان هەمان قاتڵەکانی حەمزاغای مەنگور و سمایل ئاغای سمکۆ بوو. ئەوانەی کە سویندیان خوارد بوو لە کاتی وتوویژدا خەیانەت نەکەن!

تێرۆری د. قاسملوو، لەسەر مێزی وتوویژ لە لایان نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیەوە ئەگەر لە لایەك ئاشتیخوازیی گەلی کورد و نیازپاکی و دڵپاکیی سەرکردەکانی دەگەیەنێ لە لایەکی دیکەوە لووتکەی کوشتنی دیالۆگ و پشت بەستن بە مەنتیقی تێرۆر و تۆقاندن و پیلانگێڕیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد. هەر لەو کاتەشدا بێپرێنسیپی کاربەدەستانی ئەوکاتی دەوڵەتی ئۆتریشی سەلماند کە نەك هەر ڕێگایان دا خوێنی رۆڵەکانی گەلی ئێمە بەناڕەوا بڕژێ، بەڵکوو تێرۆریستەکانیان بە ئیسکۆرتەوە بەرەو تاران ناردەوە.

بە داخێکی گرانەوە تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە لایان ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامیەوە بە د. قاسملوو کۆتایی نەهات. نەمران کاك سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەر و ڕێبەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و د. شەرەفکەندی جێگری د. قاسملوو، لە ساڵانی دواتردا، لە کوردستان و لە بێرلین، کەوتنە داوی پیلانە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئاخوندی و گیانیان بەختکرد.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە وەك هێزێکی رەسەنی نەتەوەیی خۆی بە خوێن ئەستێنی هەموو ڕێبەران و رۆڵە شەهیدەکانی کوردستان دەزانێ، وێڕای ڕێزگرتن لە یادی د. قاسملووی نەمر، هەموو توانای خۆی بۆ بە زیندوویی مانەوەی ئەو کارەساتە و راکێشانی بڕیاردەران و بەرێوەبەرانی ئەو تاوانە بۆ پای مێزی محاکەمە بە کاردێنی، بە تایبەت کە ئێستا یەکێ لە بەشدارانی ئەو تاوانە تێرۆریستیە بووەتە سەرکۆماری ئێران.

بەرێز بێ یادی د. قاسملوو

و

هەموو ڕێبەرانی شەهیدی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ئەمریکا

پووشپەڕی/2705

جولای/2005